# «کاکە میرو کاکە شێخ»

وەرن لەپاش کاکە میروکاکەشێخان
کێ بچێتەوەتلانێ،تەورێزێ،ئەستەمبوولێ
خەبەرن لە بۆ بێنێتەوە لەرێی دوورە
ئەوە حدوود و حەودالێ جووتە برایان
بەرەڵڵا دەبوون لەسەرە خۆیان فڕێ دەدا
زین و زیلقە دەری و توورە
تاجی و تولەی کاکە میروکاکە شێخم بە
بێ سێحەب
لە قونەباسکی مەرگەیان دەیانکردەوە بە
قورووسکە قورووسک ،
ناوەڵڵا بە نووڕە نووڕە
ئەوجار کێ بچێتەوە تاران و تەورێزان
بۆمان بێنێتەوە رەقەمی دە کەسک و سوورە
هەی رۆ...کاکینە رۆ...براینە رۆ...
ئەگەر راستە ئەگەر درۆ
وەسەری ئەستی قەلەندەروو دەکردەوە خۆڵی،
کۆ کۆ

* * * *

هەی رۆ...هۆ...هۆ ...وەی
ئەوە کەوبانگی دەکردە کەروێشکێ
کەروێشکێ بانگی دەکردەوە کەوێ
دەیگوت وەرە بچینەوە تیرەگی دە کوێستانان
لەوێ دەکەینەوە سیاحەت و گەرمەڕاوێ
ئەو جووتە سوارەی ئەمن‌وتۆیان‌لێ دەترسایین
ئەورۆکانە لە دەستیان بەردەبۆوە دەستە
جڵەوێ
سەریان داون لە قەنارەی لەشیان کەوتۆتەوە
لە ئاوێ
ئافەریم لەبەر کوڕی«نێرەدیزکەری»
لەسەر کاکەمیروکاکە شێخان دەستی دەداوە
خەنجەرێ
دەیگرت لاشیپانەی دەرکەی
هەشت و نۆی لێ لێدەدانەبەر گۆمەڵی
دە خەنجەرێ
خەنجەر تینی تێدەگەڕا و لە جڵغەی دەهاتە
دەرێ
ئەستی دەڵێ رەبی وەستای دە زەمانەی

حەوت ساڵان بە کوێروکوتر و گردەنشین
دانیشن
دەپێش مەرگوودا چاوتان بێتە دەرێ
ماموستا ئەوەت وەسیەت بێ لەسەر دەستی
من
ئەوجار سێ بزماران بدە لە گوێی
دەخەنجەرێ
هەی رۆ...کاکینە رۆ... براینە رۆ
ئەو جێگایەی جووتە برا لێیان دەکرد
شەقێن و شەڕەگۆ
ئەورۆکانە مەرگەیی کردوویانە بە بێستان و
بە توتن هەرامەتی بە پەمۆ

* * * *

هەی رۆ...هۆ...هۆ... وەی
ئەستی دەڵێ خوشکێ بەغدانێ
سەرێ من دێشی دلێ من چەندی لە ئێشە
ئەوە کەروێشکی کەڵەکێ بانگی دەکردوە
کەروێشکێ
دەیگوت وەرە دەچینە سەرقامەت وگەرمەلانی
خۆمان
دەکەینەوە خەوی دەچێشتە چێشتە
ئەو جووتە سوارەی ئەمن و تۆیان لێدەترسایین
ئەوانی تاجیلەی یەکسالەیان بەمە دەکرد
رەکێشە
رانی دەرکێفێیان لەمە شل دەکرد
ئەورۆکانە شوکر حەوت رۆژە کوژراون
مەرگە و پشدەری رەنگینیان پێ بەجێ دەهێشتە
هەی رۆ...کاکینە رۆ...براینە رۆ...
ئەگەر راستە ئەگەر درۆ

وەسەری ئەستی قەلەندەروو دەکردەوە خۆڵیکۆکۆ

* * * *

هەی ڕۆ... هۆ... هۆ...وەی
ئەستی دەڵێ خوشکێ بەغدانێ
سەرێ من دێشی دلێ من ڕاناوەستی لەبەر ئەوێ
خەتەرێ
ئەو یارە بی مەرگەیی هەروا بن و هەرواولێ
بەسەرێ
رووت و ڕەجاڵە بن ، پێخاوس بن
یارەبی خودا رسقوو بەرێتە سەر پشتی
دە پیرە کەرێ
ئەی چ خێری دە خودای بوو
دوو برای دەدای و بابی منوو
لەسەر سفرەی نانی دەدانەوە بەر مەودای
دەخەنجەرێ
هەی ڕۆ...کاکینە ڕۆ...براینە ڕۆ
ئەگەر ڕاستە ئەگەر درۆ
وەسەری ئەستی قەلەندەروو دەکردەوەخۆڵی،کۆکۆ

* * * *

هەی ڕۆ....هۆ....وەی
ئەوە دارەکەی دە وسووئاغای
لەمن بەدا ربناوە
دە وەختێکی بێ وەختدا
لە وسووئاغایان دەکردەوە سلاوە
شامیان بۆ دەکوشتنەوە شەکە
نەهاریان بۆ لێ دەنانەوە پلاوە
هەک لاڵ بم بۆ جووتەی دەبرایان
لە پاشیان بەجێ دەما بووکی دەسوور
هەرامەتی کۆرپەڵەی دەساوا
هەی ڕۆ....کاکینە ڕۆ....براینە ڕۆ
ئەو جێگایەی جووتە برا لێیان دەکرد شەقێن
و شەڕە گۆ
ئەوڕۆکانە مەرگەیی کردوویانە بە بێستان و
بە توتن هەرامەتی بە پەمۆ

# فریزوو

ح. ڕەشیدی زەرزا



من فریزوو نیم، فریزووم پێدەڵێن
پنج و ریشەم سەختە ئەمما خوێن دەڵێن

چەرخی چەپ ئەمنی وەها خولقاندووە
بەژن و باڵامی بە هەرزە نواندووە

وا دەڵێن من خوێنی هەردم مشتووە
تازە ئاوێکە و وەهایان ڕشتووە

با سەرەوژێر و سەرەوژوورم بکەن
با لە مووچە دوور و مەجبوورم بکەن

با لە بۆ فەوتاندنم سەر هەڵبڕن
با ڕەگ و ریشەم بە گاسن هەڵدڕن

گلمەت و گوڵ نیم ئەمن ناتوێمەوە
پاشی سەرقرتاندنیش دەڕوێمەوە

با بژارم کەن لە شێوەردوو پەرێز
من زەویم گرتۆتە ئامێزم بەرێز

پنج و ریشەم داکوتاوە من لە هەرد
کوا دەرۆستم دێ بژار و شێو وەرد

هەر خوناوێک بێ لەشم تەڕ کاتەوە
تۆزی خەمباریم لە روو بشواتەوە

پنج دەکەم پنجم لەسەر پنجی رواو
نادیارە لێم ڕەگ و ریشەی خوراو

من لە چوار سووچی زەویدا نیشتەجێم
وا رواوم ناڕوێ بەرگر لە ڕێم

بۆ ڕەگ ئاژۆ بەسیە بۆمن نەختێ خاک
دەرفەت وماوەم بدەن وەک پیاوی چاک

کەس نەکێڵێکم دەنێ جێ ناگرم
هەرد و مووچەی هیچ گوڵێ داناگرم

# «ئەشکەوتی گەوەرێ»

ڕەئووف سەلیمی



لە (سەردەرئاباد) کە دێ یەکە لە ڕۆژئاوای بۆکان فەقێ بووم ،لەلای خوالێ خۆشبووما مۆستا (حەفیدوەڵزی) دەمخوێند ،پیاوێکی پیر ئەم بەسەرهاتەی خوارەوەی بۆ گێڕامەوە .

کچێک بە ناوی گەوەر خەڵکی سەردەرئاباد،لە دێی کانی ڕەش شووی کردبوو. ئێوارەی ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی پایز پیلی دوومنداڵی‌شەش حەوت ساڵەی خۆی دەگرێ کە بچێتەوە بۆ سەردەرئاباد بۆ دیتنی ماڵی باوکی .

پیاوێکی چاوحیز کەچەند ساڵ بووحەزی لێدەکرد ، بە شوێنی‌دا دەچێ ،دەس بە خەنجەر ،غاردەداتە دوومنداڵەکەی دەیان ڕفێنێ بۆ ئەشکەوتی خوراسانە .ژنەکە لە تاوان،بە شوێن منداڵەکانیدا دەڕوا ،تا دەگاتە ئەشکەوتشەو بەسەردادێ پیاوەکە پێی دەڵێ ، ئەگەر دەستم لەگەڵ تێکەڵ نەکەی سەری هەر دووک منداڵت دەبڕم ،شێرەژنەکە دەڵێ :

ئەگەر منیش بکووژی ، دەستت‌لەگەڵ تێکەڵ ناکەم دەس بەجێ ئەو پیاوەنامەردە سەری منداڵەکان دەبڕێ و ئەوجار خەریکی ئەوە دەبێ دایکیشیان بکووژێ .ژنەکە لەپڕ وەبیری دێتەوە کە چەقۆیەکی لە گیرفانداییە بە پیاوەکە دەڵێ :

باشە ،مەمکووژە ، وەرە پێشێ،کە پیاوەکە دێتەپێش چەقۆکە لە زگی رادەکا و دەیکووژێ .

بائەو ژنە ئازایە لە لای سێ تەرم ،لە ئەشکەوتی خوراسانەبەجێ بێڵین،بزانین برائازاکەی لە سەردەرئاباد کە لەم کارەساتە بێ خەبەرە چ دەکا .

ـ کوروکاڵی ئاوایی شەو لە مزگەوتی سەردەرئاباد ،کۆ دەبنەوە ولەگەڵ یەک گرێو دەکەن،دەڵێن :

هەر کەس‌ئەمشەوبچێ بۆ ئەشکەوتی خوراسانە سینگێک

**بڕوانە لاپەڕەی ٥٧**

# نالی بە داوە شەعری...

«عەزیز نالی»

" دیوانی نالی" سالی (١٣٥٥) بەشێوەیەکی نوێ چاپ کراوە .ئەم دیوانە بەهیممەتی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم ومحەممەدی مەلا کەریم ساغ بۆتەوە و شەرح کراوە .هەروەها لە سالی ١٣٦٤ دا بۆ جاری دووەم ،ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی لە ورمێ چاپی کردۆتەوە .چاپی دووەم کورتە پێشەکی‌یەکی مامۆستا هێمنی

**یەمی دیدە پڕلە مەرجان،وەک یەشمی ئابدارە**
**شەبەیە شەبیهی زولفی سیاهی وەک زوخالی**

سەبارەت بە وەزنی شیعرەکە وشەی "وەک" لە هەر دووک میسراعدا دەبێ" وەکوو" بێ و وشەی" سیاهی" لە میسراعی دووەمدا دەبێ : " سیەهی" بێ :

**یەمی دیدە پڕ لە مەرجان وەکوو یەشمی ئابدارە**
**شەبەیە شەبیهی زولفی سیەهی وەکوو زوخالی**

لە پەراوێزی دیوانەکەدا تەنێ مەعنایەک بۆ "مەرجان" نووسراوە ،ئەویش مەنزووری

ئەمری لەگەلە و لە هێندێک جێگاش مامۆستا بۆ چوون و نەزەری خۆی لە پەراوێزدا نووسیوە لە" سروە"ی ژمارە (٦)یشدا "کاک ج.ئاشتی" کورتە باسێکی لەژێر عینوانی"ئاوڕێک وەدیوانی نالی" نووسیوە و نەزەری خۆی لە بارەی یەک دوو بەیتدا دەربڕیوە .منیش لێرەدا تێبینی خۆم لەبارەی چەند بەیتێکدا کە پێموایە هەلەیان تێکەوتووە ،دەخەمەروو :

لاپەڕەی(٦٥٧) ،غەزەلی(١٠) ،بەیتی(١) :

**( برق البصر ) لەبەر بەرق تەلەئلوئی لەئالیَ**
**( خسف القمر ) لە ئیشراق قیامەتی جەمالیَ**

ئەگەر وشەی" بەرق" لە میسراعی یەکەمدا (و)ی عەتفی بەدواوەبی‌و وشەی"ئیشراق" لە میسراعی دووەمدا ،(ی)ی ئیزافەی پێوە بلکێ، لەباری وەزن و مەعنا وە دروستترە :

**( برق البصر ) لەبەر بەرق وتەلەئلوئی‌لەئالی**
**( خسف القمر ) لە ئیشراقی قیامەتی جەمالی**

بەیتی (٤) :

"نالی"نیە .مەعنای تری مەرجان، "مرواری" یە و " نالی" ئەمە یانی لەبەر چاو بووە.

بەیتی(٥) :

**بە مەلاحەتی تەکەللوم هەمو زەمزەمومەلیحی**
**بە فەصاحەت و تەبەسسوم هەمو کەوثەرو زولالیَ**

بەلای منەوە دەبێ ئەسلی شیعرەکە ئاوا بووبێ:

**بە فەساحەتی تەکەللوم هەموو زەمزەمومەلیحی**
**بە مەلاحەتی تەبەسسوم هەموو کەوسەروزولالی**

چونکە لە میسراعی یەکەمدا باسی "تەکەللوم" کراوە وهێنانەوەی " فەساحەت" ، کە ڕەبتی بە " تەکەللوم"ەوە هەیە ، لە میسراعی دووەمدا بە"حەشوو" لە قەلەم دەدرێ ئەمەش لە شاعیرێکی وەک "نالی" بە دوورە . کەوابوو ئەگەر جێگەی "مەلاحەت" و"فەساحەت" بە یەکتر بگۆڕینەوە ،شیعرەکە پتەوتر دەبێ . ئەودەم دەتوانین لەباتی واوی عەتف(و) یای ئیزافە(ی) بخەینە نێوان "مەلاحەت" و

"تەبەسسوم" ، بەم جوورە شیعرەکە لەباری
رواڵەتیشەوە جوانتر دەبێ،لەمەش بترازێ،
" زەمزەم" کە لە میسراعی یەکەمدا هاتووە ،
جگە لە چاڵاوە مەشهوورەکەی مەککە ،مەعنای
"زەمزەمە و سرتەوچپە"ش دەدا ،کە دەتوانین
بڵێین دژی "فەساحەت"ە .دەجا "زەمزەم "
ئیهامی تەزاد (تەوریەی تیباق)ی لەگەڵ
"فەساحەت" هەیە ، بەم دەلیلە جێگەی"فەساحەت"
میسراعی یەکەمە .وشەی "مەلیح"یش کە لە
میسراعی یەکەمدا هاتووە ، جگە لە مەعنا
مەجازییەکەی، یەعنی " خوێدار" کە لەگەڵ
"زمزەم" ئیهامی تەزاد پێک دێنن چونکە
"زەمزەم" زوڵاڵە ."مەلاحەت"یش دەبێ لە
میسراعی دووەمدا بێ چونکە لەگەڵ " زوڵاڵ"
ئیهامی تەزادیان هەیە ."نالی" لە شوێنی
دیکەشدا بۆ پێک هێنانی "ئیهاموتەزاد" وشەی
فەساحەت"ی رەگەڵ " زمزەم" خستووە :

**ناودان قلم نالی فصاحتده همان**
**نشئه آب بقا زمزمهٔ کوثری وار**

هەروەها لە مەتلەعی غەزەلی ژمارە (٨) ی
لاپەڕەی (٣٣٧)ی دیوانەکەدا ،خەندەی مەحبووبە
بە نمەکین(مەلیح) وەسف کراوە[1]:

**خەندەولەبی مەحبووبە کەوا زۆر نمەکینن**
**بەس خۆشە ئەگەر خۆ نمەکی زەخم و برینن**

وا دیارە "مەلیحی" و " زوڵاڵی"بە"حاسڵ
مەسدەر" لە قەڵەم دراون، چونکە لەدیوانەکە
دا ئەم(ی)یەی بە ئاخری وشەی"مەلیح" و
" زوڵاڵ" ەوە نووساوە ،کەشیدە (ـ)ی بۆکراوە :
" مەلیحـ، زوڵالـ" .بەڵام ئەم (ی)یە زەمیر و
فیعلە :"مەلیحی = تۆ مەلیحی" ،"زوڵاڵی = تۆ
زوڵاڵی" .

واو(و)ی پێش " مەلیحی" و " زوڵاڵی" هەر
چەندە بە واوی عەتف حیسابە بەڵام مەعنای
" بەم حاڵەشەو ،کەچی، بەڵام" دەداو حاڵەتێکی
سەرسووڕمانیشی پێوە دیارە .دەجا مەعنای
بەیتەکە بەکورتی ئاوای لێدێ :
بە فەساحەتی تەکەللوم تەواوێک وە زەمزەم
دەچی بەم حاڵەشەوە مەلیحی!( زەمزەم
تەواویک مەلیح نیە ) .بە مەلاحەتی تەبەسسوم
تەواوێک وە کەوسەر دەچی و زوڵاڵیشی !
( مەلاحەت و زوڵاڵ بوون رێک ناکەون) .

بەیتی (٧) :

**روخی تو گوڵێکە صەد وەک هەزاری عاشق،ئەمما**
**لە هەموو چەمەن دیارە بە ئوصوولی ناڵە "نالی"**

لە نوسخەی(عم ) و (گم)دا کە لە پەراوێزی
دیوانەکەدا ئیشارەیان پێ کراوە ،لەباتی
"سەد وەک" عیبارەتی " سەدبەرگ" نووسراوە
"سەدبەرگ" یش ناوی نەوعێک سوورە گوڵە ،
کە ئەمەش جودا لەوەی کە مەعناکە پتەوتر
دەکا ، وەزنەکەش دەپارێزێ.شاعیرێکی فارس
دەڵێ:

**غنچهٔ خندان نماند وقمری نالان نخواند**
**عشوهٔ صدبرگ و غوغای هزاران راچەشد[2]؟**

دەجا بەیتەکەی"نالی" ئاوایە :

**روخی تۆ گوڵێکی سەدبەرگ وهەزاری عاشق ئەمما**
**لە هەموو چەمەن دیارە بە ئوسوولی ناڵە "نالی"**

من نەزەری خۆم جگە لەم غەزەلە لەبارەی
هێندێک شوێنی تری دیوانەکەش یادداشت
کردووە ، بەڵام چونکە زۆر پچڕپچڕن جارێ
باسی دوو شوێنیتر دەکەم و واز دێنم .

غەزەلی (٢٥) ،بەیتی(٣) ،لاپەڕەی(٥٤٥) :

**قامەتت نەخلە ،بەشیری، فائیقەی پەی کردووە**
**نەخلی بێ‌نیشی مەمەت شەهدی سپی قەی کردووە**

لە رووی مەتنی ئەو نوسخانەی کەلکیان
لێ وەرگیراوە و لە پەراوێزدا باسیان کراوە
دەبێ میسراعی یەکەمی ئەم بەیتە ئاوا بێ:

**قامەتت نەخلی بەشیری فائیقی پەی کردووە**

مەنزوور لە"شیری فائیق" ،برۆی یارە کە
هەم زاڵە هەم سەرکەوتووە! مەعنای میسراعەکەش
ئاوای لێ دێ: ( باڵات کە زۆر بەرز و تەرزە
بەشیری ئەبرۆ کە زاڵە و لەلای سەرووش
هەڵکەوتووە ، دارە خورمای پەی کردووە: (لەبەر
چاوانی خستووە ).

## ..نالی بەداوە شەعری..

لەمەش بەدەر رەنگە "نالی" چاوی لەم قسە مەشهوورەی " سەعدی" ش بووبێ کە لە پێشەکی "گولستان"دا فەرموویە: " عصارهٔ نالی بە قدرت او شهد فایق شده وتخم خرمایی بە تربیتش نخل باسق گشته"[3]

غەزەلی (٣)، بەیتی (٨)، لاپەڕەی (٢٧٥):

**سەراپا هەر وەکوو حەلقەی زرێ پەروێزەیی خوێنم**
**بە یەک یەک تیری موژگانی زرێ دۆزت بریندارم**

" پەروێزەیی" دەبێ " پەرویزەنی" بێ، چونکە " پەرویزەن" بێژینگە نەک "پەروێزە". مەعنای دەقیقی شیعرەکەش ئاوایە: تیری زرێ بڕی برژانگت یەک بە یەک بریندار- یان کردووم، لەشم وەکوو زرێی بەر بریندا ران، بۆتە بێژنگی خوێن( خوێن دەدەڵێنێ).

**پەراوێز:**

(١) بەلای منەوە ئەم غەزەلە فڕی بەسەر نالی‌یەوە نیە چونکە لەباری زمانەوە پتەو نیە، هەروەها سەنعەتی شاعیرانە لەوانی " نالی" پێیان دەڵێ: " داوە شەعری دەقیقی خەیاڵی شیعر" لەم غەزەلەدا وەبەر چاو نایە. بەڵام هەر چونێک بێ بە شیعری قەدیم حیسابە وپێم وا نیە بەنموونە هێنانەوەی بێجێ بێ.

(٢) برگزیدهٔ دیوان استادمحمدحسین شهریار،

(٣) گلستان سعدی، از روی نسخە، تصحیح شدە مرحوم" محمدعلی فروغی"،

---

**پاشماوەی......**

داکوتێ وبێتەوە، پووتێک مێوژە مامبرایمەی ئالانی بۆدەکڕین

ـ برای ژنەکە، دەڵێ من دەچم، خەبەریشی لەوە نیەکە خوشکەکەشی لەوێ یە، بە هەورازاندا، بەرەو ئەشکەوت وەڕێ دەکەوێ.

گەوەر دەبینێ خشپە خشپێکی لێ نزیک دەبێتەوە، پێی وادەبێ دڕندەیە، بۆنی گۆشت وخوێنی کەلاکی کردووە سەری پیاوەکە دەبڕێ وبۆی داوێ.


ـ براکەی سەری کابرا هەڵدەگرێتەوە لەبن هەنگڵی دەنێ ودەڕواتە پێش، گەوەر سەری هەر دووک منداڵەکەشی بۆداوێ براکەی ئەوانیش هەڵدەگرێتەوە وهەروادەڕوا- تە پێش دەڵێ هەردێم و هەر هاتووم، ئەوجار خوشکەکەی دەنگ هەڵدێنێ ودەڵێ:

ـ دێوی، درنجی، شێری پڵینگی تۆچی؟ بۆلە کۆڵم نابی یەوە، ئەمن ژنێکی لێ قەوماوم، بەم شەوە هیچ جێیەکی پێ نازانم، وازملێ بێنە

کوڕە دەنگی خوشکەکەی دەناسێتەوە وهاوار دەکا:

من برای تۆم برایەکی ئازاو بە غیرەتم چون دەگەڕێمەوە، مەگەر نازانی لە مزگەوت گرێوم کردووە و دەبێ ئەو گرێوە بەرمەوە ئەدی خوشکێ بەم شەوە، تۆ لێرە چ دەکەی؟ یەکتر لە باوەش دەگرن وخوشکە بەسەرهاتی خۆی بۆدەگێڕێتەوە، دوایە هەردووکیان بە سەر بەرزی یەوە بەرەو ئاوایی (سەردەرئاباد) دەگەڕێنەوە.

زۆر ئینسانی واهەن کە لە حەیوان خرابترن. وێنەیان لە هەموو جێگەیەک دەست دەکەوێ. ئەم بەسەرهاتە رووداوی یەکێک لەوان و ئازایەتی وناموس پەرستی‌یە.



ئاوڕێک
وەسەر مێژووی کوردستان

# گەڕانەوەی دەهەزار یۆنانی

ع. بەسەمەدی





بەشی دووەم

پەلەی من بۆیە بوو کە بەر لە کوردەکان خۆ بگەیەنمە ئەوێ بەڵام هەروەک دەبینی دوژمن دەستی خۆی رەپێش ختووە و چاوەرێی ئێمە لەوێ وێستاوە."

راستی دەکرد، هەموو دەرکێکمان لێ داخرابوو. من لە تێکهەڵچونێکا لەگەڵ کوردەکان توانیبووم دووکەسیان لێ بەدیل بگرم، پێشنیارم بە خئری سوفوس کرد کە بەجیا لەگەڵ دیلەکان بدوێ وبۆ دۆزینەوەی رێگەیەکی دەرچوون قسەیان لەگەڵ بکات. هەوەڵ کەسمان هێنا وپاشی چاوترسێنێکی زۆر گوتی: رێگە هەرئەمەیە کە دەیبینن وبەس. ئەومان لە پێش چاوی ئاواڵەکەی کوشت، ئەسیری دووهەم کەوای زانی وەقسەهات وگوتی:

"من رێگەیەکی ترم پێ شک دێ کە ئاواڵەکەشم بەوێی

دەزانی بەلام بۆیە ئاشکرای ، نەکرد چونکە ماڵی زاواکەی لە نزیک وێیە ودەترسا ئەویش تێدا بچێ .بڕۆن تاکوو پێشانتان دەم ."

لە چۆنیەتی ڕێگاکە پرسیارمان لێ کرد ،وادەرکەوت کە گردێکمان لەبەرە وتاکوو ئەم گردە نەگرین نابێ هومێدێکمان بەدەربازبوون هەبێ .بەم هۆیە سەرکردەکانمان کۆکردەوە وتەگبیر و راوێژمان لێ کرد وتاقمێکی داوخوازمان ویست .

سێ سەرکردەی قورسەچەکی ئارکادیایی وسەرکردەیەکی سووکە چەککەلە شەڕەکانی پێشوودا ئازایەتی یان نواندبوو هەنگاویان نایەبەرەوەو دوای ئەوەی بەرکوتێکیان کرد بەخۆوبە دووهەزار کەسەوە بەرەو گردیان ئاژوا و ئەسیرەکەشیان وەپێشدا . شەوێکی تاریک ولەنگێزەمان بەسەرداهات .

من بە پاشەنگی لەشکرەوە وەرێ کەوتم تاکوو دوژمن لە ئەم شوێنە بەرزەی کە گرتبووی هەڵکەنم . بەلام هەڵکەندنی چی ؟ ئەمە دەهۆیەک بووبۆ خافڵاندنی دوژمن ،تاکوو لە تاقمی داوخواز بێ خەبەر بمێنن ، کوردەکان کە بڕوایان کردبوو دەستیان کرد بەجاڵەکردنەوەی گاشەبەردی زل کەهی وابوو قورسایی چەند خەروار دەبوو.

ئەم بەردانە لەسەر ڕێی خۆیان وەگاشەی تر دەکەوتن و خلۆریان دەکردنەوە وواهەبوو پەرش وبڵاو دەبوون وبارانە ـ یەکیان لەوردە بەرد بە سەرمانا دەباراند. ئێمە بە نیگەرانی یەوەخۆمان گەیاندە شەو ،ئەودەم گەڕاینەوە ئۆردووگا .ئەوێ شەوێ دوژمن هەروا بە کوچک جاڵەکردنەوە خەریک بووو گرم وهۆڕی وەیەک کەوتن ووردبوون وخزینی بەردەکان بۆنێودۆڵ، لەکێو



وتەلان دەنگی دەدایەوە .

لە لایەکی تریشەوە پۆلێک داوخواز لە ناغافڵ بە سەر دوژمنیاندادابوو ومەکۆیەکی گەورەیان لە ترۆپکی چیا لێ گرتبوو یۆنانی یەکان بەم سەرکەوتنە وایان زانی کە دوژمنیان لە بڕست خستووە ، بەلام کە رۆژ بۆوە دەرکەوت ئەمە تەنیا دانەیەک لە مەکۆگەلی دوژمنە کە گرتوویانە .

بەختەوەرانە لەگەڵ ئەنگوانی کازیوە مژ هەموو وڵاتی داگرتبوو ویارانی ئێمە توانیبوویان بەدەم ژەندنی شەیپوورەوە بەسەر دوژمندا بدەن وگەرووی کوێستانەکانیان لە چنگ دەربێنن .لەگەڵ بانگی شەیپوور ،خێری سوفوس هەڵیکوتایە سەر ڕێبازگەی کوێستان وفەرماندەکانی تریش دەنگی لەشکریاندا وپێشرەوی ـ یان کرد . سەربازەکان رمبەکانیان و سەماخستبوو و یەکتریان هان دەدا .

منیش بە پاشەنگ وبارگەوە بنەوە ئەو ڕێگایەم گرتەپێش کە ئەسیرەکان پێشانیان دابووین،چونکە لەشکری ئێمە کوردەکانیان شکاندبوو و ئیدی جێگەی مەترسی نەبوو. بەلام لەم وەختە کەمەشدا



دوژمن هەلی وەدەست خستبوو ولە تەداڕەکی ڕێکخرانەوەیەکی تردا بوو.ئێمە دەبوو دەستی خۆمان رەپێش خەین ونەهێڵین جارێکی دی لە تەڵە بکەوین . سێ گردمان لێ نزیک بوو کە دەشیا بمانگرتایە. ئەو کاتەی لەدوایین گرد ئاوا دەبووین چی وانەمابوو دیسان دەرچوونمان بگیرێ .


دوژمن لەدواوە بە توندی زەبری لێ دەدایین ولەسەر ڕا بەردی جاڵە دەکردەوە. خۆ هەراو نەعرەتەلێدانیان لە گرم وهۆڕی بەردەکان سامناکتر بوو.

ئەم سەربازە کە چاوەدێری منی پێ سپێرابوو وقەڵغانە ـ کەی بۆڕاگرتبووم لە

جەنگەیەکدا هەڵاتکەچی وا
نەمابوو لە ژێر گاشەبەردێکی
زلدا بفلێقێمەوە ،چاک بوو
جەنگاوەرێکی ئارکادیایی
بە فریام گەیشت و بە
قەڵغانەکەی من وخۆی داپۆشی
وسەندمیەوە ،ئەم جەنگاوەرە
ئورولوخوس (١) بوو.

ئەوێ رۆژێ بەخێوگوزەرا و
لەشکری لێک هەڵپچڕاوی ئێمە
توانی یەک بگرێتەوە .ئاخری
پاشی ئەم هەموو شەڕولێکدانە
کەوتینە فەرعانە وخۆمان لە
مەڵبەندێک بینی کەخانووەکا-
نیان رێک وپێک وولاتەکەیان
ئاوەدان وعەمبارەکانیان
لە دەغڵ ودان تژی بوو.
شەرابیشیان لەبەر زۆر،
وزەوەندی لە سوێنە کردبوو.
لە گەڵ خێری سوفوس پێشنیاری
وێستانی شەڕمان بەکوردەکان-
دا ،ئەوانیش وەریان گرت و
تەرمی کوژراوەکانیان داینەوە
ئێمەش بەرێ وشوێن ورێزێکی
زۆرەوە کە هاوشانی دلێران و
جەنگاوەران بێ تەسلیم بە
خاکمان کردن وئەسیرەکەمان
ئازاد کرد.

بۆسبەینێ کوردەکان
رەپێشدانەیان کرد ویەک لە
دوای یەک پاسگەکانیان
دەگرت .ئێمەش لە تەنیشترا
لێمان دەدان وریگەمان
دەکردەوە .ئەگەر خێری سوفوس
لەگەل دوژمن بەرەنگار دەبوو
من لەشکری خۆم بەرەوبەرزایی
دەکێشا تا جێگەیەک کە بە
سەر دوژمندا زاڵ دەبووم و
دەرم دەپەڕاندن .لەگەڵکوو
کوردەکان پەلاماری منیان
دەدا ئەمجار خێری سوفوس
هەر بەم چەشنە لەهانام
دەهات . ئەمە نموونەیەکی
باش بوو لەهاوکاری ویارمەتی
جەنگاوەران لەمەیدانی شەردا



سەرەرای ئەوەی چەک و
قەڵغانی قورسمان بەدەستەوە
بووبەڵام دیسانیش لە شەری
تەلانە وتەلان چیوا لە
کوردەکان کەمترنەبووین،کەچی
ئەوان لە تیروکەوان و
قەڵماسک زیاتر چەکێکی تریان
پێ نەبوو .بە تایبەت ئەو
دەمەی کە پاشەکشەیان دەکرد
وبۆی دەردەچوون ئێمە هەر
تۆزیشمان نەدەشکاندن و
تەنانەت کەواندارە (کرتی) -
یەکانیشمان بەسەرکردایەتی
" ستراتوکلس" (١٠) هیچیان
لە دەست نەدەهات .

سەرەنجام لە بولێلەی
رۆژێکی پایزیدا پێدەشتەکانی
قەراغ چۆمی "کنتریتس" (١١)-
مان لێ وەدیار کەوت و
سوکنایی‌مان کەوتە دڵ،چونکە
ئازووقەیەکی زۆریشمان
پێ بوو هەر لەوێ مەنزڵمان
خست وئەوشەوە بەخۆشی
وپێکەنین وگێڕانەوەی راز و
ئەفسانەی کۆن دەربارەی ،
کوردان رامان بوارد .تەواو
حەوت رۆژ بوو کە بێ پشوو
کوتابوومان وشەڕمان کردبوو.
ئەم کوشتەو کوێرەوەری و
دژوازی یەی کە لەم حەوتووەدا
دیبوومان گەلێک پتر بوو لەو
زەڕ و زیانانەی کە لە
شەڕەکانی لە گەڵ ئەردشیر و
تیسافرنسدا لێمان کەوتبوو.

ئەوێ شەوێ خەوێکی خۆشمان
کرد ،بەڵام سبەینێ کە چاومان

هه‌لێنا به‌لایه‌كی ترمان بـــۆ نازل ···وو ،چونكه‌ له‌شكرێكـــی بچووك به‌سواره‌و پیـــاده‌وه‌ له‌وبه‌ری چۆم لێمان دامه‌زرا- بوون ولێمانیان ده‌ڕوانی .له‌ دووریشه‌وه‌ ڕێگه‌یه‌ك دیاربـــوو كه‌ زۆرتروه‌ كاروانه‌رێ ده‌چـــوو له‌وه‌ڕا كه‌زۆر به‌ رێك وپێكـــی كوچكه‌ ریزكرابوو زانیمان كه‌ ئه‌مجاره‌ پێ ده‌نێینه‌ ولاتێكـــی پێشكه‌وتوو وخاوه‌ن شارستـــا- نیه‌ت .

پیاده‌ی ئه‌م له‌شكره‌ ســه‌ت هه‌نگاو دوورتر له‌ به‌ستێنـــی چۆم جێگه‌ی گرتبوو ،سه‌ربازه‌ - كانی ئه‌م له‌شكره‌ زۆربه‌یـــان ئه‌م "كه‌لدانی " یانه‌ بـــوون كه‌ به‌كرێ گیراوی كاربـــه‌ ده‌ستانی ئه‌رمه‌نستان بوون بیستبوومان كه‌ ئه‌مانـــه‌ نه‌ته‌وه‌یه‌كی ئازا و دلێرن . ته‌قالامان كرد كه‌ لـــه‌ بوارێك بده‌ین وبپه‌ڕینه‌وه‌ ، به‌لام‌ئه‌مه‌ بۆ پۆلێك قـورســه‌ چاك به‌هیچ جۆر نه‌ده‌لوا .

چونكه‌ ئاوه‌كه‌له‌ پشتێنـــد به‌ره‌ژوور ده‌كشا وته‌ختـــی چه‌مه‌كه‌ش سه‌رپاك به‌ردی خڕو لووس بوو . سه‌ره‌ڕای ئه‌مانه‌ش له‌ژێر تیره‌بارانی دوژمنـــی رووبه‌ڕوو ،په‌ڕینه‌وه‌ زیاتـــر وه‌خه‌یالێكی خاو ده‌چـــوو .

له‌لایه‌كی تریشه‌وه‌ له‌ داوێن كێوه‌كانی دواوه‌ كه‌ئۆردوگای دوێ شه‌وێ خۆمان بـــوو ، كورده‌كان كۆزیلكه‌یـــان به‌ستبوو و چاوه‌ڕێی ئـــه‌وه‌ بوون له‌ هه‌لێكی ئه‌سته‌مدا خۆ به‌ پاشه‌نگی له‌شكر داده‌ن و ده‌ماریان له‌ رۆژگارده‌ربێنن ده‌ستێكمان كه‌وتبووه‌ ئه‌و به‌ر و یه‌ك ئه‌مبه‌ر .



وه‌ها په‌شۆكابووین كـــه‌ ته‌واو سی وشه‌ش سه‌عاتلـــه‌ جێی خۆمان چه‌قین وفكرمـان بۆ هیچی بڕ نه‌ده‌كرد .

له‌م‌نیگه‌رانی یه‌دا شـــه‌وێ خه‌ونێكم دیت كه‌ بێ شك ویستی خودایان بوو . له‌من وابـــوو پێم له‌ زنجیر دایه‌ ،لـــه‌ نه‌كاو قلفه‌كانی زنجیـــــر هه‌لوه‌رین وبه‌ ئازادی هات و چۆم ده‌كرد . هه‌ر رۆژ بـــۆوه‌ خه‌ونه‌كه‌م بۆ خێری سوفـــوس گێڕاوه‌ ، ئه‌و زووله‌مانـــای خه‌ونه‌كه‌ گه‌یشت وله‌ خۆشیـــان گه‌شاوه‌ . ئه‌و ده‌م هه‌مـــوو سه‌ركرده‌كانقوربانی‌یانبه‌جێ هێنا وبه‌نه‌ریتی یۆنانی یان نه‌خشی چاكیان لێ دایه‌وه‌ .

پاشی سه‌ربازه‌كان قـــاوه‌ لتی یانكرد ومنیش له‌سه‌رنـان بووم كه‌ دوو لاو به‌هه‌لـــه‌داو هاتنه‌ لام .چونكه‌گشتیـــان ده‌یانزانی ئه‌گه‌ر مه‌به‌ستێك بێته‌ پێش به‌ تایبه‌تكـــــه‌ پێوه‌ندی به‌كاری له‌شكـــره‌وه‌ هه‌بێ و به‌منی بلێن چ له‌ســه‌ر خواردن بم یان خه‌وتبم هیـــچ رووم گرژناكه‌م وبه‌هێمنی‌گوێی لێ راده‌گرم .

لاوه‌كان پێیان گوتم: "لـــه‌ سه‌رووی‌چه‌م پووشكه‌مان كـــۆ ده‌كرده‌وه‌ كه‌ له‌ به‌ستێنـــی ئه‌وبه‌ری ئاوه‌كه‌چاومان بـــه‌ پیره‌پیاوێك وچه‌ند ژنومندال كه‌وتكه‌ بوخچه‌ی جل وبه‌رگیان به‌ ده‌سته‌وه‌ بوو وخه‌ریـــك بوون له‌ قه‌لشتی گاشـــه‌ به‌رده‌كانی دم‌چۆمدا ده‌یانشا رده‌وه‌ . وادیار بوو كـــه‌ قوولایی چۆمه‌كه‌ له‌وێ كه‌متربێ ئێمه‌هه‌ردووكمان رووت بووینه‌وه‌ و له‌ چۆمه‌كه‌مان داهه‌ندێـك رۆیشتین و وامان ده‌زانـــی هێشتا ئه‌گه‌یشتووینه‌ قوولایی كه‌چی تاكوو په‌ڕینه‌وه‌ ئه‌وبه‌ر له‌هیچ كوێ ئاو له‌ پشتێـنـد به‌ره‌ژوورتر نه‌هات ."

**درێژه‌ی هه‌یه‌**


# شاعیرانی لاو

## «عەلی لەبریز»

سوورەگوڵ بە پەپوولەی گوت :
جێم مەهێڵـــە ،
بڕوانە ، ژینی من وتۆ
چەندە لە یەکتر جودا یە !
من لە جێگای خۆم دەمێنم ،
تۆ دەفڕی .
تەماشاکە :
چەند بە دڵ گیرۆدەی یەکین !
دوور لە خەڵک ،بۆ یەک دەژین
هێند وێک دەچین ، خەڵک دەڵێن
ئێمە هەردووک پەلکی گوڵین
بەڵام سەد داخ !
تۆ رزگار ، من بەندی زەویم
چ چارە نووسێکی تاڵە!
چەند حەز دەکەم
هەڵفڕینت لە ئاسمانان
بە پشووی خۆم عەتراوی کەم
بەڵام هەیهات دووری لە من !
نەک هەر لە من
لە سەر چڵی هەموو گوڵێک قۆناغ دەگری
زۆری پێ ناچێ هەڵدەفڕی
منیش دەبێ لە جێگای خۆم بمێنمەوە و
سووڕانی سێبەری بەرپێم تەماشا کەم
تۆ لە ناکاو دەفڕی ، دەڕۆی .....
پاشان بۆلای من دێیەوە ،
لە دوایدا بەرەو شوێنێکی‌تر دەفڕی
دەڕۆی و پەیمان دەشکێنی
ئەی باڵ زێڕین !
هەر لە بەرەوەش
بەیانانە
چاو بە گریانم دەبینی !
هیوام وایە ئەم ئەوینە
هەر بەردەوام هەر پتەوبێ .
میری گوڵان !
با هەر دووکمان رەگ داکوتین
یا بەیەکەوە هەڵفڕین .

کەماڵ جەوادی (١٧ ، عێراق)

پایز .... پایز !
گەڵا گەڵای زەردت
ببارێنە بەسەرمانا
بێزار نابین لە بارانت
بێزارنابین لەم ژیانە
چونکە شوێنمان وەک قەرەجێک بێ نیشانە
پایز ....پایز !
گەڵای زەردت
بادروستکا ئەوپەیکەرەی ئاواتمانە
بەگەڵای زەردی وەریوت
بەفرمێسکی هەوری ماتت
لەگەڵ وەرزی هاتنی تۆ
خەم میوانی نێودڵمانە
پایز ....پایز !
دەزانی تۆ
گشت باراتت
پەلکە زێڕینەی ئاسمانت
زۆر لەمێژە هاوژیانمە
هاورێی خۆشی وئازارمانە
پایز ....پایز !
بادەست بگرین
بەهەردووک ئەسرین برێژین
بگرین بۆ رەشماڵی ونمان
بگرین .... بگرین
بۆشەوی رەشی بێ خەومان



ڕەسوول ڕەش ئەحمەد

# یەکسم

# یاعەدالّ

.لە کوردوستاندا

کەم کەس هەیە خۆی ناسیبێ و جارێکی سواری یەکسمی نەبووبێ وغارێنی نەکردبێ یا بەلانی کەمەوە نەی دیبێ. شارەزایی ئەوتۆم بە زمانەکانی دیکەی دونیا نیە تا یەکسم لە فەرهەنگ و زمانەکانی دیکەی جیهاندا هەڵسەنگێنم.

بەلاّم هەرچی هەیە لە فەرهەنگی کوردا خاوەنی فەرهەنگۆکێکی تایبەتی خۆیەتی،پاراستنی ئەو فەرهەنگۆکە بەتایبەتکە ئەورۆژیانی ماشینی پەرەی سەندووە ووردە،وردە ئەو گیاندارە وهەرچی پەیوەندی بەووە هەیە دەخرێتە گەرداوی فەراموشی،ئەرکی سەرشانی شارەزایان و لێزانانە.

بەپێویستم زانی ئێستاکە بەهیچ ناتوانین واز لە ژیانی ماشێنی بێنین ولێی بپرینگێینەوە،ئەوشتانەی لەبارەی یەکسم وگیانداری تر وکشت وکالّ وچادروهەوار و ئاش ونان وهەرچی پەیوەندی بەژیانی کوردێکی پەتی یەوە هەیە بیان نووسمەوە بە ناوی کشت وکالّ وئاژەلّداری لەکوردستان لەچاپی بدەم، بەش بەش ئەو نووسراوانە بۆگۆواری سروە دەنێرم تا زووتر بکەوێتە بەرسەرنجی هۆگران وماموستایان و لێزانان تاکەم وکووڕی وجێ هەلّەکانم بەرێنموونی بەجێ ووەخت بۆراست بکەنەوە .

دونیای ماشێنی ناخۆش وپڕدەردەسەرە.ئاخری بەرەکانی داهاتوو دەگەڕێنەوە داوێنی خۆڕسک وهەولّ دەدەن چیدی لەمە زیاتر خۆیان لەپێچ وخەمی ژیاندا بەخەمی دونیاوە نەخنکێنن .

یەکسم:

یەکسم گیاندارێکی بە هۆش وبە ئەمەگە و بە درێژایی مێژوو، کورد بۆ سواری وباری کەلکی لێ وەرگرتووە .یەکێک لە کایەکانی مەلّبەندی ئێمە سواری یە و **جلیتێن وکوتە ورمبازێن وتەرادودا رتەقلّە وغارێن وشەڕناخێوی** هەرکام بەشێکن لەسواری،وسوارچاکی بەهونەرێکی کۆن ورەسەن ناسراوە .پێغەمبەری مەزن (د خ) تیرهاوێژی و سواری ومەلەی فێری مندالانی کردووە وگرێوی لەم بارەدا بەڕەوا زانیوە . لەم بابەتەوە قسە گەلێکە وتەنانەت بۆ ئەسپ و سواری مەتەلّ و قسەی خۆش زۆر کوتراوە وەک :

تا سوار نەکەوێ نابێ بە سوار....

ئەگەر سەرنج بدرێتە بەیتە کۆنەکانی وەک **لاس و خەزالّ** وبەتایبەت **ناسر و مالّمالّ** بۆمان دەردەکەوێ یەکسمی ڕەسەنیان لەنێو عەرەبانرا هێناوەتە کوردستان وئەسپی **حدوود** ماینی **کەحلان** لە تۆرەمەی ئەسپ ومایینی سەرسنووری

نێوان کورد وعەرەبانن وبە باشترین ورەسەنترینی هەمووان ناسراون.چونکە ئەوجۆرە ئەسپ ومایینانە بە هۆی ئەوەی لەباری تۆرەمەوە **دوورن** لە گەرماودەشتی بێروون وقاقری عەرەبستاندا خۆراگرن ودەرۆستی سەرمای کوێستانە سەخت و رژدەکانی کوردستان دێن ،ئەسپی **حدوود** ئێستا زۆرە بەڵام ماینی **کەحلان** زۆرتر خەڵکی تورکمان بەخێوی دەکەن .

**یەکسم**: لەباری جنسەوە بەدوودەستە بەش دەکرێن :

**یەکسمی مێ** :لە زمانی کورد یدا بە**ماین** ناسراوە و ناوی خۆی بەسەرخۆیەوە.ئەو کارانەی لە ئەسپی دەوەشێنەوە ماینیش دەیانکا بەڵام ناسک وکەم تاپشتتوە. پیاوی دەستنەڕۆیو لە کوردستاندا بۆکاروباری ژیان کەلکی لێ وەردەگرێ و کاری قورس وسووکی خۆی پێ ئەنجام دەدا .بەڵام ئەوانەی دەسترۆیون ماینی تەنیا بۆ زەووزوو رادەگرن و ئەوەندەی بزانن **ئاوس** نیە کەلکی لێ وەردەگرن دەنا لەگەڵ **رەوەو** گاڕانی دەکەن تابە ئیشتیای خۆی بلەوەڕێ. **ماین** بەومەرجەی **ئاوس** نەبێ وەک **ئەسپ ،غارێن وتەڕادی** پێدەکرێ .

ئەگەر دووبارە سەرنج بدەینەوە سەربەیتە کۆنەکان دەبینین وبۆمان دەردەکەوێ کە هەرچی پیاوی گەورە و یەکەیەکە بووە بە تایبەت لەکاتی شەڕدا هەر سواری ماین بووە ئەگەر لێی بکۆڵینەوە ئەوهۆیانەی تێدا دەبینینەوە .

**ئەلف : ماین سوار لەهەر شوێنێکی بەرهەڵدا بکا هەر لەوجێ دەمێنێتەوە وزۆر دوور ناکەوێتەوە وسەرەڕۆیی ناکا ئەڵبەت یەک یەک ماینی تۆڕ** هەڵدەکەوێ کە سوار پێی زەوت ناکرێ ومل پێوە دەنێ وسوار بەجێ دێڵێ

**ب : ئەسپ زۆر دەحیلێنێ وبۆکاری نهێنی نابێ بەڵام بەپێچەوانە ماین بێدەنگ ـ ترە .**

**س :هەزار ماین لە رەوێکدا رەنگە بەیەکەوە بحاوێنەوە بەڵام دوو ئەسپ تایەکیان نەبەزێنێ واز لە کۆڕژن و شەڕو هەڵلاّ ناهێنن .**

**چ:ماین وەک ئەسپ سڵ نیە وکەمتر دەسڵەمێتەوە .**

**ه :فێرکردن وگرتن و راهێنانی ماین لە ئەسپ هاسانترە .**

**پ :رۆینی ماین نەرمتر و سواری یەکەی خۆشترە .**

**گ : لەکۆنەوە تا باسی تیرئاوێژی وتفەنگ کراوە باسی سواریش هاتۆتە گۆڕێ . سوارچاکەکانی قەدیم نێوان دووگوێی ئەسپی سەرراگریان بەسێرەی تفەنگ لەقەڵەم داوە ولەوێ را نیشانەیان لەراو یادوژمن گرتووە ،چون ماین کەمتر بزۆزی دەکا و سەری رادەگرێ لەبەرتەقەکەی کەمتر دەسڵەمێتەوە ماین باشترە .**

**ئەورۆ تەنانەت عیلمیش باسی حەیای ماینی کردووە ماین وەختایەکی ژانی هاتێ ئەگەر ئازادبێ دەڕوا و لەجێ یەکی چۆل دەزێ،ئەگەر جێ چۆلی دەست نەکەوت دەتوانێ زانی خۆی ٢٤ سەعاتان وەپاشدا .هەموو ساڵێ ماین بۆماوەی دەرۆژان وەفال دێ وئاماددەی ئاوس بوون دەبێ ئەگەر ئەوماوەیە بەسەر پچێ،چ چابکرێ و چ چانەکرێ لەفال دەکەوێتەوە ، لەنیشانەکانی وەفال هاتنی ئەوانەن :**

**١ـ روالّەتی زێی دەگۆڕێ.**

**٢ـ زۆر دەحیلێنێ وخۆ بۆنێو ئەسپان دەکوتێ .**

لەوچەند رۆژەدا ماین لە رەوە دەگرنەوە و لە ئەسپێکی چاک ورەسەن وبەناو بانگی **چا** دەکەن وهەوڵ دەدەن بەم کارە لە ئاوس بوونی **رەمەکی** بەرگری بکەن ، ناوچەی وایە چرو ئەستەمە و نیازیان بەیەکسمی بەتاقەت هەیە بۆ جێگای وا ئێستر کاری خەڵک مەیسەر دەکا . ئێستریش بۆ ژیانی ئابووری زۆربەکەلکە ولەجێی خۆی

باسی ئەویش دێنینە گۆڕێ
ماوەی ئاوسێنی ماین ساڵەوەختێکی تەواوە ،کاتێک زا ساڵەوەختێکیش شیر دەدا بەجانووەکەی ،**کاتێک ساڵێک لە تەمەنی جانوو تێپەڕی پێی دەڵێن یەک بڕ** و ماین سەرلەنوێ دێتەوە فاڵ وجانووەکەی لە شیر دەکاتەوە .بەگوێرەی تەمەن **ئەگەر دووساڵی تەواو لە تەمەنی رابرد دەبێتە دووبڕ وپاش سێ ساڵ سێ بڕی پێ دەڵێن .**

"جانووگرتن"

**کاتێک سێ ساڵی تەواو لە تەمەنی جانوو تێپەڕی وردە وردە پشت دەگرێ ونۆرەی گرتنی دێ** ،وردە ،وردە **رەشمە وهەوساری** دەکەن و ئەگەر تائەوکاتە لەگەڵ دایکی مابێ لێکیان هەڵدەبڕن ، ئەوجار پێویستە بە سوارچاکێکی باش وتایبەتی ئەوکارە هەیە سواری ببێ و رای بێنێ .

لەوکاتەدا زوربەی جانووەکان **سرک و رەوەک** و **بزۆزن** وچاری وایە بزۆزی ـ یەکەیان لە ئەنداز بە دەرە وهیچ سوارێک وەخۆ ناگرن **بۆمرزەم**کردنی ئەوجۆرە جانووانە ،تێرێکی پڕلە گلێیان داوێنە سەرپشت ولە دەشتێکی نەرمان بەگوریسێکی درێژ دەی بەستنەوە ،جانوو هەرچی خۆهەلاوێ وجیفرکان لە **خۆبدا** جگەلە ماندووبوون چی دی بەنسیب نابێ ،ئەوکارە چەند رۆژان دووپات دەکەنەوەتا جانوو عادەت بەوشتە زیادی یەێ سەرپشتی دەگرێ ولەتۆری دەکەوێ ئەوجار سوارچاکێکی دەوێ رایبێنێ ،ئەوسواری یە گەلێک گرینگە وکاری هەموو کەس نیە ،بێت وسوار ناشی بێ بۆهەمیشە ئەوجانووە بەدعەمەل دەبێ .

**"رۆین"**

**جانوو** زگماکی ئامادەی فێربوونی جۆرە رۆینێکە ، سوارچاک دەبێ لەکاتی گرتندا زۆر سەرنج بداتە رۆینی جانوو تابزانێ ئامادەی فێربوونی چ جۆرە رۆینێکە ،بێت وئەوکارەی نەکا سەرلە جانوو دەشێوێنێ ورۆینی خۆشی لەبیردەباتەوە

۱ـ **قەدەمی ئیشکەرۆ** : ئەو شێوەرۆینە قورس وگرانە ولە قالبان ناخۆشە ،**ولاغی گوڵەکی زەلامی تەپلۆس پترفێری ئەو** **رۆینە دەبن** ،بۆ باری زۆر بەتاقەتن لەرکێف لێدانندا بەرلەوەی بکەونە**چوارناڵەی** دەکەونە قۆرتە .

۲ـ **قۆرتە** :ئەگەرسوارچاک لەکاتی راهێنانی یەکسمی **قەدەمی وێشکەرۆدا** وشیار نەبێ رۆینی خۆی لەبیر دەباتەوە ودەی کاتە **قۆرتە یەکسمی قۆرتە** وەک تۆپی جیر هەڵدەبەزێتەوە وسواری نیوەعومر دەکا ،باشم لەبیرە منداڵ بووم یەکسمێکی



وامان هەبوو لەبەر زەلامی و بەتاقەتی پێمان دەگوت بارگینەگێلە ، زۆر رۆژان ولاغەکانمان دەبردنە چۆم و دەمانشوشتن ئەگەر رۆژێکی یەکێک لەبراکان لەدەرسێکی نمرەی کەممان هێنابا وە دەبوو سواری بارگینەگێلە بووبا . نازانن یەکسمبردنە چۆم وبەسواری دەگۆمێ گەران چ کەیفێکی تێدابووو سواری بارگینەگێلە چ تەنبێ یەکی گەورە بوو ،بەوجۆرەیەکسمانە

دەڵێن ڕەگێکی کەرێتی یان هەیە .

**قەدەمەڕی** :ئەوجۆرە ڕۆینە گەلێک پەسەندە چونکە بۆباری وەک یەکسمی ویشکەڕۆ بەتاقەتن وبۆ سواری و ڕمبازین شتی وەک خۆیان کەمە دەرکێف لێدانیدا قەت وەقۆرتە ناکەون وسواری یەکەیان خۆش وەدەکرین و فرۆشتنیدا لایەنگریان زۆرە ، یەکسمی قەدەم لە جێی پلەوتەلان بەکارە وخۆلەخۆڕا ناکوتێ .

هێندیک لەقەدەمەڕی — یەکان سواری یەکەیان تایبەتی وخۆشە ،لەزۆیندا یەکسم دەڵێی بەدەست وپێ سەما دەکا ،ئەو دەستە یەکسمانە قەدەم هەڵەشەیان پێ دەڵێن .

**یۆرغە** :ئەوجۆرە ڕۆینە وەک ، مەلەبۆقەی نێوئاو وایە یەکسم هێند ڕێک و لووس بەڕێدا دەڕوا کە سوار ناجوولێنێتەوە ،سواری یەکسمی یۆرغە مەری کە لە یۆرغەی توند نەرمترە .وەک سواری جۆلانە ولانکە وایە و سوارخەونووچکە دەیباتەوە بەعزە یۆرغەیەک هێندە توندە کە لەبەماشینی نامێنێتەوە بۆجێی دەشت ئەوجۆرە ڕۆینە زۆرباشە وتەواو دەوام دێنێ،بەلام لە جێی پلەوتەلان بە پێچەوانەی یەکسمی قەدەم ناشیانە خۆدەکوتێ و زوو ماندوو دەبێ و تەنانەت جاری وایە دەوەستێ .

"شارەزایی بەتەمەن"

جانوو کاتێک دەبێ ماهی دەمەوددانی لەزار دانیە ، وردە ،وردە ددانی دێن کە بووبە دووساڵە ددانەکانی جگەلە شیلە هەموودێن .

لەسێ ساڵی شیلەکە لە ئاخری ددانەکانی پێشەوەن سەرووەدەر دەنێن .لەپێنج ساڵی شیلەکانی دەکەون و تۆزیک ئەولاتر بەرازە دەردەکا وجێگای شیلەکان هەروا بە بەتاڵی دەمێنێتەوە یەکسم لە تەمەنی پێنج ساڵی بەهۆی کەوتنی شیلەو هاتنی بەرازەکانی زۆر کزوبێ تاقەت دەبێ و هەربۆیە یەکسم ناسان پێیان وایە یەکسمی چوار ساڵە لەیەکسمی پێنج ساڵە بەتاقەت ترە .کاتێک پێنج ساڵەی تەواو کرد ددانەکانی تەواو وڕێک ودایمین .

دیوی ژووری ددانی یەکسم کەتایی زۆرەودەتوانین بڵێین هێڵۆڵە ،ساڵ بە ساڵ کەلە تەمەنی رادەبرێ قووڵایی وکەتایی یەکان پڕدەبنەوە ،قووڵایی تەختی ددانی یەکسم جۆدانەی پێ دەڵێن ،لەنۆ ساڵی ڕەشایی یەکەی زۆرکەم لەسەر ددانی دەمێنێ وهەرکە بووبە دەساڵە ئەورەشایی یە تەواو دەفەوتێ ووددانەکانی تەواو لووس وسپی دەبنەوە ، لە دەوە بۆ یازدە سەری ددانەکانی ڕەش هەڵدەگەڕێن ولەیازدەرا بۆدوازدەنێوقەدی ددانەکانی ڕەش دەبن و وردە وردە سپیایی لە ددانی نامێنێ .

بۆڵێک کردنەوەی تەمەنی نۆ ویازدە کار ئاسانە ددانی نۆساڵە نێوقوول و سەرڕەشە بەلام ددانی یازدە ساڵە نێوپڕی سەرڕەشە و بەواتەی بەیتاڵەکان تەخت لووسە ،لە دوازدە بەرەو ژوور چون جۆدانەی نامێنێ ئیدی جۆی بۆناشکێ، هەر بۆیە بۆی لەئاو دەکەن تا بخووسی ،دەنا جۆ هەروا بە ساغی لەزگی یەکسمدا هەڵدەمسێ ودەبێتە پەڵخور وبە ساغی دێتەوەدەر و هیچ قازانجێکی بۆی نابێ ، یەکسمی پیر ئەگەر شارەزایانە خزمەتی نەکرێ زوو پەکی دەکەوێ ، بەعزە بەیتاڵێکمان هەیە لە کلوی خۆیدا زۆر شارەزایە ، تەنانەت بێ چاولەددان کردن لە قووڵایی پشتچاوی یەکسمرا دەزانێ یەکسم چەند ساڵە ،

یەکسم هەرچی بەتەمەندا بچێ پشتچاوی پتر لە قووڵەوە دەچێ .

درێژەی هەیە

# شاعیری واقعی

وەرگێڕ: ماڵە



رۆژی لەرۆژان مەهاراجەی گەورە ،خۆشەویسترین مەهاراجەی هەتاوومانگ ،فەرمانی بەوەزیرەکەیدا کە شاعیری واقعی بۆ هەڵبژێرێ.

وەزیر فەرمانی مەهاراجەی بە هەمووان راگەیاند. رۆژی دوایی کۆمەڵێک خەڵک لە پێش کۆشک کۆبوونەوە.

هەزارویەک کەس لەوێ خڕ بوونەوەوهەموو یەک دەنگ گوتیان:"ئێمە شاعیری راستەقینەین ".

وەزیر بیست و یەک رۆژ گوێی لە شیعری ئەوان راگرت ،بەڵام نەیتوانی چاکترین شاعیر هەڵبژێرێ .

ئەو رۆژە بە تەواوی بیری کردەوە و رۆژی دووەم و سێیەمیش لەم بارەیەوە فکری کردەوە.

رۆژی چوارەم ناوی هەزارو یەک شاعیری بە خەتێکی زێڕین نووسی وبردی بە خزمەت مەهاراجە .مەهاراجە بەسەر سوورمانەوە پرسی بە راستی ئەمانە هەموویان شاعیرن ؟

وەزیر سەری دانەواند و وڵامی دایەوە "گەورەم گوێم لە شیعری هەموان بووە بەڵام نەمتوانیوە باشترین شاعیریان لێ هەڵبژێرم ". بۆیە ناوی هەموویانم نووسیوە وهێناومەتە خزمەتت تاکوو خۆت هەڵیبژێری .

مەهاراجە تاوێک راما پاشان ئەوها فەرمانی دا "شاعیرەکان دەزیندان بکەن ، شکەنجەیان بدەن ،هەر کەس شیعر بڵێ کای دەپێستی سەری داخنین وشاربەدەری دەکەین "

شەش مانگ پێ چوو رۆژێک مەهاراجە سەری لە زیندان دا وفەرمانی دا هەموو شاعیرەکان بپشکنن.لەوهەزارو یەک شاعیرە ،تەنیا سەدویەک شاعیر لە ئازارو سەختی زیندان نەترسابوون ودەستیان لەهونەری خۆیان هەڵنەگرتبوو

ئەوانە توورەیی وسزای مەهاراجەیان بەهیچ دا نابوو شەوان بە دزی پاسەوان شیعریان گوتبوو.

مەهاراجە بە وەزیری گوت :


ـ ئەوانە ئازادبکە با بڕۆن سەدویەک شاعیرەکەی دیکە بەرە کۆشکی تاووس و هەمووشتیان بۆ ئامادە بکە با لەخۆشی وشادیدا بژین وەزیر فەرمانی مەهاراجەی بەجێ هێنا .

شاعیرەکان جل وبەرگی تازەیان پۆشی وبە خواردن و خواردنەوەوکەیف ونەهەنگ رایان دەبوارد وکاریان قسەی هیچ وپوچ وجەفەنگ بوو.

ئەوانی ئەم قسانەیان دەبیستەوە بەزەیان بەحاڵی شاعیرەکان دەهات .شەش مانگیش بەمجۆرە بەسەرداچوو. رۆژێک مەهاراجە و وەزیر شاعیرەکانیان لە کۆشک کۆکردەوە و مەهاراجە گوتی:

ـ ئێوە شەش مانگی تەواوە بەخۆشی وشادی رای دەبوێرن ئێستا کامتان دەتوانێ بە شیعرێکی ئێمە وەجۆش و کوڵ بێنێ ویادی رابردوومان زیندووکاتەوە .شاعیری خۆلێگۆڕاو سەریان بەرداوەو متەقیان لێ بڕا . ئەنجا لاوێک چاوی لە چاوی مەهاراجە بڕی ئەوشاعیرە وەکوو شاعیرەکانی دیکە وەختی خۆی بەخواردنەوە وبەزم وئاهەنگرانەبواردبوو دەچووە کونجێک و شیعری دادەنا ،شیعرەکانیشی پڕبوون لە سۆزوکوڵی دڵی شاعیرێکی شێواو.

بڕوانە لاپەڕەی ٧١



# پەیامی سەرەک وەزیر

بسم الله الرحمن الرحیم

بەشداری شەخسیەتەزانستی و ئەدیبەکانی کوردزمانی وڵاتی ئیسلامیمان لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆدا بە غەنیمەت دەزانم وهیوادارم، ئەم کۆنگرەیە بتوانێ لە ناساندنەوەی ئەدەبیات و فەرهەنگی هەراوی کوردیدا و هەروەها پێک هێنانی هەل و مەرجی هەموو چەشنە دەرفەتێک بۆ پەرەسەندنی ئەم فەرهەنگ وزمانە شیوایە هەنگاو هەڵگرێ ونەخشی کاریگەر وەستۆ بگرێ.

تا ئەو جێگایەی من بزانم زوربەی زمان ناسەکان لەسەر ئەم بڕوایەن کە زاراوەکانی زمانی کوردی رەسەن ترین زاراوەن کە لەکۆنەوە ماونەتەوە. کێ هەیە لایەنگری زمان وئەدەبی فارسی بێ و نەزانێ زاراوەی هەورامی کە لە لایەکەوە لە رێزی یەکێک لەزاراوە کۆنەکانی زمانی فارسی یە و لە لایەکیشەوە دایکی زوربەی زاراوەکانی زمانی کوردی یە وەک سۆرانی وکرمانجی،ماکەی ناسکترین هەستی عاریفانە بووە. فەهلەویاتی باباتاهیر کەلە بنەماڵەی عەشیرەتی چیاکانی زاگرۆس بووە، نموونەیەکی ئاشکرایە بۆئەم ناسک خەیاڵی وجوانی یە.

کوردی بە شایەدی ئەوانەی کەئەم زمانەیان باش ناسیوە زمانی کۆنی عیرفان وزمانی هەستی پاک وبرایەتی وفکری قاڵ وبێ غەوروخەوشی بەرەی مرۆڤە. لە بەستێنی ناساندنەوەی ئەم زمانەکۆنە لەسەر زەوی ئێران وناسینەوەی، هەڵکەوتەکانی ئەدەبی کوردی وتا موچێژی ئاسەواری هەریەک لەوان یائەوکارانەی بۆ بەرقەراری وژیانی ئەم زمانە پێویستە جێ بەجێ بکرێن،ئێوەی بەڕێز بەوردی مەسەلەکان دەخەنە بەرباس ووت ووێژ.

ئەوەی لەم هەلەکورتەدا جێگای باسە دەست نیشان کردنی دوو رواڵەتە لەمەر هونەر وئەدەب بەگشتی وەدەرکێشانی چەند نوکتەی سەرنج راکێش بۆپەرداغکردنی فۆرمی ئەدەبی وڵاتەکەمان ولە گەڵیدا ئەدەبی کوردی یە.

هونەر هەمیشە رواڵەتی خۆی بەدووباری تایبەتی یەوە نیشان داوە. یەکەم نەمری هونەرە. ئەوی دیکە لێهاتوویی هونەرە بۆبەیان وشی کردنەـ وەی راستی یە پڕگیر و گرفتەکان. هەرچەندی پلەی چۆنەتی کارێکی هونەری بەرزتربێ تەمەنی بابەتەکەی درێژ دەبێتەوە. ئەوەی هونەرمەند پێویستە وەبەر چاوی بگرێ هەتاهەتایی و راوەستاوی هونەرە. هەڵبەتلە رابردوودا هێندێک کەس لەم کارە غەفڵەتیان کردووە خوونکاری خوێن خۆریان بە مرواری شیعری دەری زێڕوەشان کردووە وکاڵای بەنرخی هونەری خۆیان بەفیرۆ لەدەست داوە. بەڵام هونەرمەندی دەروەست ئەوەیە کە تووشی ئەم کەمتەرخەمی یانە نەبێ. کەوابوو دەبێ ناسینی هەل ومەرجی زەمانی خۆی بە لاوە گرینگ بێ وبزانێ بەوئاوی ژیانە کە لەدەستدایە،تەمەنی ئەبەدی دەدا بەچ شتێک.

سەرقافڵەکانی شیعری کوردی وەک هەموو ناودارانی ئەدەبی وڵاتەکەمان، ئاوی ژیانی شیعری خۆیان بۆ پاراوکردنی داری عیرفان

دەکار هێناوە ئەوەی کە سەیری مێژووی ئەدەبی ئەو بەشەی وڵاتە ئیسلامی یەکەمانی کردبێ لەم راستی یە ئاگادارە. ئەورێبازە دەبێ درێژەپێ بدرێ .واباشە عیرفان هەر وەک جاران بابەتی بنەڕەتی شیعرمان بێ .بەڵام بەم سەرنجەوە کە عیرفانی ئەمرۆ لە سایەی هەلێکی کەبۆی رەخساوە لەبەربەرەکانی دەگەڵ ئەو شەیتانانەی کە هەڕەشە لەهەبوونی مرۆڤایەتی دەکەن عیرفانێکی چەکدارە . عیرفان تادوێنێ لەزیندانی دەسەڵاتدارانی ستەمکاردا بوو هەر ئەم حەقدۆستی یە عاریفانەیە بێ . ئەم حەقدۆستی یە جوانترین راستی یە کە دەتوانین ئەمرۆ پەسنی بدەین .لەم بارەیدا ، باس زۆرە ومەوە کە ئەم هیوادارین برایانی زانامان کەلەم کۆبوونەوە بەرێزەدا بەشدارن زۆر نوکتە وبابەت لەم کورتە باسە هەڵ بکرێننن

بارێکی تایبەتی دیکەی هونەر وئەدەب ، هێزی شی کردنەوەی راستی یەکانە وێژەوان زەمانێک بە جل و بەرگی "دەروەست"دەرازێتەوە ، کە زمانی خۆی بۆدەربڕینی کەزێووزیوەر لەرووی رووداـ وەکان وەلادا وئەوەی راستە بەخەڵکی خۆی بڵێ .

ئەمڕۆ کە کۆماری ئیسلامی لەهەموولاوە کەوتۆتە ژێر هێرشی تەبلیغاتی ژەهراوی دوژمنانی مرۆڤایەتی،ئەم ئەرکە زیاتر لەهەمیشە قورسایی دەخاتە سەرشانی هونەرمەندەکان. ئەو راستی یانەی دەبێ بگوترێن زۆرن : ئەوشەڕە نەویستووەی کە داروودەستەی ملهوڕی بەسەر گەلی ئێمە بەتایبەتی گەلی کوردیدا سەپاندبوو .یاتیری ژەهراوی سەدرەنگی پیلان کە

## دەوڵەت لەکوردستاندا بایەخی گرینگ بۆشەپۆلی پڕخرۆشی نەتەوەی کورد دادەنێ

واوێدەچی کەهاواری"حەق حەق" سالیکانی دوێکە برگەی ئەو رستانە بوون کە عاریفانی خودا ویستی ئەمڕۆ بەهاوار دەری دەبڕن ،مافی چەوساوەـ کان دەبێ لە ملهوڕان بستێندرێ .

ماف نادرێ دەستێندرێ حەق هەوێنی یەک بوونی هۆزی ئێمەیە .حەق بناغەی خزمایەتی وتۆرەمەی ئێمەیە .رەوا هات ناڕەوا رۆیشت .بەراستی ناڕەوا هەردەبوو بڕوا .قسەی حیسابی شیعری فارسی و زمانەکانی ناوچەیی دەبێ راستی تەرخان بکا . ئەگەر "راستی"روالەتێکی ئاشکرا و رووناکی بوایە باسێک بە ناوی ئەرکی هونەر" وەک ئەمرۆ جێگای خۆی نەدەکردەوە بەڵام وانیە .لە ئەرکی هونەرمەنددا کە هەمیشەقورس بووە وئێستاش هەر قورسە دڵ وچاوی روون وچێژی ماریفەت خواز وبەیانی ناسک وچاوی بەحوکم وسەلیقەی رەواویست وزمانی حەق وێژ پێویستن . ئەوانە ئامرازی کاری هونەرمەندی دەروەستن . "دەروەستی"هونەرمەند ئەوەیە هەموو رۆژێ بەرەو نێوەنەی بووژانەوەی ئیسلام داوێژرێن شۆفاری، کەدڵی پاکی گەلانی جۆراوجۆر لێک دەکا . یا سەمپاشی دەلڕەقانە کە بارودۆخی واپێک دێنێ یارو نەیار لێک نەناسرێنەوە. ئەم بابەتانە دەبێ لە ئەدەبیاتی کوردیماندا جێگای تایبەتی خۆیان بکەنەوە.

ناوچە کوردنشینەکانی وڵاتلە زەمانی رژیمی ستەمشاییدا لەژێر زوڵم و چەوسانەوەدا بوون.دوژمنانی



ئەم نەتەوەیە تێدەکۆشن ئەم بەشەی وڵاتی ئیسلامی مان لە نیعمەتەکانی کۆماری ئیسلامی بێ بەش بکەن وزوڵموزۆرەکانی شادرێژە پێ بدەن .ئەرکی خەباتی ئێمەلە گەڵ ئەو زوڵم وزۆرە بەستۆی ئێوەیە . ئێوە نوێنەرانی گەلی کورد ،ئێوە زانایانی بەرێز زۆربەجێ یە رێگای چارەوپێشنیاری خۆتان بۆپێشکەوتنی کاروبار بەئێمە نیشان بدەن .

دەوڵەت لەکوردستاندا بایەخی گرینگ بۆ شەپۆلی پڕخرۆشی نەتەوەی کورد و مێرخاسان وزانایانی دڵسۆزی دادەنێ وکاری بەهیچ دەستە و بەستەی دژی ئیسلام وخەڵک نیەو سەرەڕای گیروگرفتی زۆری خۆی ئەزمی جەزم کردووە کوردستان ئاوەدان بکاتەوە .

هیوادارم خوای گەورە گیانی شەهیدانی کورد و شەهیدانی تری شۆڕشی ئیسلامی لە ئێمە رازی بکا ولەبڕینی ئەورێگا پرسەعادەتەی گرتوومانەتە بەر یارمەتیمان بدا .

میر حسین موسوی
۶۵/۷/۲
نخست وزیر

**پاشماوەی شاعیری ...**

مەهاراجە بەوەزیری گوت

ـ"نەخێر ئەم سەد کەسەش شاعیر نین" ئەوانە نەکارە و تەوەزلن .کاتێک لە زیندان بوون ولەخۆشی وشادی بێ بەهرە بوون بۆکلۆڵی ولێقەوماوی خۆیان شیعریان دەگوت، بەڵام لەوەتا بەسەر خۆشیداکەوتوون سۆزوهەستیان بڕاوە ولە شیعر چوونەتەوە .تێیان هەڵدە و لە کۆشکیان وەدەر بنێ" .

پاش ئەوەی تووڕەیی مەهاراجە دامرکاوە ،شاعیرە لاوەکەی نیشان دا و بە وەزیری گوت :

ـ "ئەم لاوە هەم لە دەردو مەینەت ئیلهام وەردەگرێ و هەم لە خۆشی و شادی تاریکایی شەو و رووناکایی بەیان و بەرەنگاری مەرگ و خۆشی و کامرانی بۆ ئەو سەرچاوەی ئیلهامی‌شیعرن .

هەموو شاعیرێکی واقیعی هەروایە و هەموو کاتێک لە ژیان ئیلهام وەردەگرێ. سەرچاوەی شیعری بەهیچ بەسەرهات و رووداوێک ، وشک نابێ.ئەم لاوە شاعیری واقیعی‌یە .لەمرۆ بە دواوە شاعیری دەرباری ئێمەیە و ژیانێکی دڵخوازی بۆ دابین بکە ،تاکوو هەموو رۆژێ بێتە کۆشک و شیعرێکمان بۆ بخوێنێتەوە .

شاعیرە لاوەکە رۆژی‌دوایی هاتە کۆشک و شیعرێکی بۆ خوێندنەوە .رۆژی دووهەم و سێیەمیش شیعری بۆ مەهاراجە خوێندەوە .بەڵام‌رۆژی چوارەم نەهاتە کۆشک،نامەیەکی‌نووسی و بۆ مەهاراجەی نارد :

" نەمتوانی بە مەیل و ئارەزووی ئێوە شیعران هەڵبەستم .من شاعیری دڵ و ئیلهامی ئازادی خۆمم . من ناتوانم دیلی کەیفی کەسێکی ـ تر بم" .

وەزیر لەپاش خوێندنەوەی نامەکە تووڕە بوو و بە مەهاراجەی گوت:"نمەک بە حەرامە" مەهاراجە تێی خوڕی و گوتی:"نەخێر تۆ هەڵەی



ئێستا باوکی تۆ زیندووبوایە سووجدەی بۆ ئەم شاعیرە دەبرد .شاعیری راستەقینە ئازادە و بە دڵی خۆی شیعر دەڵێ.

شیعری کۆیلەکان تەنیا کۆیلەکان دەیخوێننەوە . ئەگەر ئەم شاعیرە نەیەتە کۆشکی ئێمەش ،دەبێ ژیانی دابین بکەین ،تاکوو شیعری دڵی خۆی بڵێ" .

وەزیری لاو بەسەرسووڕمانەوە بێدەنگ بوو و لە ئاستی ئەم رووداوە سەری خۆی دانەواندو کەوتە بیرکردنەوە ......

# گوێزتەکاندن

«رەحیم لوقمانی»



هاوین دیمەن وروخساری زەرد هەڵگەڕاوە و گەردی پایزی گرتووە. تەبیعەت بەرگی گۆڕیوە و خۆی بۆ کزەی زریانی خەزان تەیار کردووە.

گەڵای داران لە گوێن پەرەنگی گوارە دەلەرێنەوە ئیتر زەوی بەردراون و شینکەی کەم تەمەن سەریان هەڵداوە.

ئاگری بێ دووکەڵ وتینی رەزبەر لەرەزبەر بووەو ناکووژێتەوە!

زریانی شێت لە کاوانەی شاخەوە داگەڕاوەتە دۆڵ و دەشت و کێڵگەوچەموباخان.

هەنارو هەرمێ ئاویان تێگەڕاوە وچاوەڕوانی دەستی باخەوانن ،زەردە بەهێ و سێوەلاسوورەی سفت و سۆڵ، بەلک وپۆپانەوە رادەهەژێن.

گوێز وبادامی باخ ولێرو بنارو لاپاڵ هەرەتیانە بۆ شەوچەرەی زستان هەڵگیرێن.

منداڵان چاوەڕوانن تا هەوری تاری، عەتری باران لە بووکی زەردوسووری گێوژ بپرژێنێ.

**وامازوان** چاوەروانی دەست و چەڵاگی کوڕ وکچانە و زمانی گەڵای بۆ بارینی گەزۆ راداشتووە.

لەم وەختەدا گوێز پێگەیشتووەوهەرەتی تەکاندنیەتی .گوێز تەکاندن وەک زۆر کاری دی ،زاراوەی خۆی هەیە.

رەنگە زاراوەی هەر ناوچەیەش لەئی ناوچەیەکی‌تر جیاواز بێ .ئێمە لێرەدا باسی گوێزتەکاندنی ناوچەی سەرشیوی سەقز دەکەین.

دیارە وشە و زاراوەی ، کارەکەش لە زمانی خەڵکی ئەم شوێنە وەرگیراون.

**گوێزەڵان**، باخە گوێزی چڕوپڕی دۆڵ ولاپاڵ وکوێستانی بەرزو باگرە. گوێز بەباڵای بەرزو دیمەنی تەرزی شای دارانەو پڕ لک وپۆپە و گەڵای گەش وبۆن خۆشە . سێبەریشی فێنک ونسرمە.

گوێزەڵان یا دەستنیا (دەستچەقێن) وباخی یە، یا خۆڕسکە و کێوی.

بەرهەمی گوێزەڵان گوێرە.

کاتێ کە دەگرێ چڵمۆکەیە، پاشان فەریک دەبێ ، ئەمجار وردە ،وردە، رەق دەبێ و تەشکی خۆی دەگرێ.

باشترین گوێز ئەوەیە کە پڕمەغزە وزوو دەشکێ و بە کاکڵەش دەردێ ، بەمەش دەڵێن کاغەزی. گوێزە کوێرەش خڕوسەختە وکاکڵەکەشی باش دەرنایە وپێویستی بە **کاردۆژەکردنە** ،هی تریش هەیە کە پووچەڵە ونێوەکەی هیچی تێدانیە.


کاکڵە گوێز رۆنێکی زەردی لێ دەگیرێ و بۆ وێنەکێشان ودروست کردنی سابوونیش بەکاردێ ،هەروەها شەوانی زستان لەگەڵ مێوژ و بادام وتۆومیوە و ....دەبێتە شەوچەرەی کۆڕی شەونشینی.

. **کاردۆژە**: ئەگەرگوێزێک کاکڵەکەی بە هاسانی دەرنەیە ،کاردۆژەی دەکەن ، یانی بە دەمچەی چەقۆ یا نووکی دەرزی دەری دێنن.

**کەمکۆڵ**: توێکڵی گوێز کەمکۆڵی پێ دەگوترێ

کە ڕەنگێکی مەیلەوقاوەیی لێ دەکەوێتەوە و درەنگ دەچێتەوە جگەلەمە .کەمکۆڵ بۆ دەرمانیش کەڵکی لێ وەردەگیرێ .

پاییز کەمکۆڵ دەم دەداتەوە وگوێز دەردەکەوێ،ئیتر بە دارەوە خۆی ناگرێ و بارێزەی دەکەوێ کە نیشانەی پێ گەیشتن و



تەکاندنیەتی .

**گوێزتەکاندن:** ئەگەر گویزەڵان هی هەموو ئاوایی بێ خەڵک بە زبارەو هەرەوەز دەچنە تەکاندنی ، ئەگەر هیماڵێک بێ،خاوەن گوێز پیاوی بۆ بەکرێ دەگرێ .

هەر کە بەیان ئەنگووت دەستەی گوێزتەکێن بە هەموو کەل وپەلی پێویستەوە لە دەرەوەی ئاوایی یەک دەگرن وسوارەوپیادە رێ دەکەون . لە نێو گوێزان لە سەر کانیاوێکی نزیک بارگە و بنەیان دەخەن ودەست بە کار دەکەن .

دەستەی یەکەم کە پێیان دەڵێن **ڕەوان** لە پیاوی دارەوان وبەکار پێک هاتووە کە بە دارەگوێزدا هەڵدەچن و هەموو لک وپۆپان دەگەڕێن. ڕەوان دارێکی باریک و درێژیان بە دەستەوەیە کە گوێزی پێ دەتەکێنن، بەم دارەش دەڵێن **ڕەوە** .

وێدەچێ ئەسڵی وشەی **ڕەوان ،ڕەوەوان** بووبێ .

کە دارێکیان تەکاند و لێ بوونەوە دەستەیەک کوڕ و کچ بە تەلیس ودایەنە (کۆش ) بەری لێ دەگرنو گوێزەکە دەچننەوە. بەم دەستەش دەڵێن **چنان** . یەکێکیش لە دووی چنانەوە **پاشەڕۆک** دەکا ،یانی بە لقەدارێک ژێرگەڵا وهەموو پەناو پەسیوو چاڵ و شیوێک دەپشکنێ تا هەرچی جێ مابێ کۆی بکاتەوە.

کە کوشیچنان پڕ یا قورس بوو دەتەلیسی دەکەنوکەسێک بە ناوی **کۆڵ کێش** دەیدا بە شانیدا ودەیباتە سەر **کەلار** (خەرمانی گوێز ) و ڕۆی دەکا .

لە سەر کەلار یەک دووکەس بە ناوی **ئەمیندار** خەریکی پاک کردنەوە و کەمکۆڵ گرتنی گوێزەکە دەبن و پاشان بە پێوانە لە تەلیسو جەواڵی دەکەن وسەردرووی دەکەن.

لەو چەند ڕۆژەی گوێز تەکاندندا منداڵ و شوان و گاوانی گوند گاڕان ومێگەلیان دەبەنە دەوروبەری گوێزان وخۆیان دەچن بۆ **شارۆ** کردن . یانی لەو دارانەی تەکاون وچۆڵ کراون ئەگەر دەنکە دەنکەیەکی پێوە مابێ، بە بەرد و پلار دایدەخەن بۆخۆیان،بەمانەش دەڵێن دەستەی **شارۆکەر**.

زۆر جار منداڵان لە شارۆکردندا دەیکەن بە قڕە وهەرا یا بە دوان شاڵاو بۆگوێزێکی بەتاڵ دەبەن،

کە کاری گوێز تەکاندن دوایی پێ هات وگوێزیان ڕاگوێستە گوند،خاوەن گوێز دەیباتە شار یاکڕیار خۆیان دەچن .

گوێزبە تەغار (سی دەنک ) وپووت وهەزار پێوانە دەکرێ کە زیاتر بەم دوو پێوانەیە معامەلەی دەکەن .


**پاشماوەی ڕێبازی ...**

غەریبایەتی دەکرد وبەرەوسەرزەمینی نامۆ و پرلە تەلیسم ونهێنی دەڕۆیشتن .هەندێکی دیکەشیان یاخی بوون وناڕەزایی خۆیان لە شارستانەتی "پرلەهاڕەهاڕودووکەڵ" دەردەبڕی وروویان دەکردە "لادێ"، وایان بەباش دەزانی کە بچن لە لادێ ،لەئامێزی میهرەبانی تەبیعەتدا ،لەئامێزی جوان و هێمنی "جاڕەگوڵ"دا بژین .واتە وەکوو ئەو روانینەی کە لە شیعری "شار"ی"سوارە"دا دەیبینین .- بەرای من بەرزترین وناسکترین شیعری ڕۆمانتیکی کوردی ،ئەم شیعرەی"سوارە"یە کەلە ژمارە چواری گۆواری "سروە"دا چاپ کراوە .-

بە شێوەیەکی گشتی ڕۆمانتیکەکان یاخی بوون وغەم وپەژارەی خۆیان لەدەستواقیع و کۆمەڵ دەردەبڕی .بەڵام هێزی ئەوەیان نەبوو لەگەڵ ژیان وواقیع روو بەروو ببنەوەوناچار لێی دەپرینگانەوە .رەخنەگرێکی ئێرانی لە بارەی وەزعی ئەم رۆمانتیکانەوە دەڵێ : (ئەم رۆمانتیکانە شێوەی شۆڕشێکی بێ بەرنامە وئامانج پێشان دەدەن ،ئەمانە لەوکەسەی دەچن کەدەزانێ ئاوێنە ژەنگی گرتووە، بەڵام لەباتی خاوێن کردنەوەی ئاوێنەکە حەزدەکا بیشکێنێ .

ژیانی پڕدەردوبەڵاو گێچەڵی ،ئەوسەردەمە وژیانی ئاڵۆزی شارستانەتی کەتازەداهاتبوو هەستی ناسکی ڕۆمانتیکەکانی ئازار دەدا .بۆیە هەمیشە لە شیعروچیرۆکیاندا دەگەڕانەوە سەردەمی منداڵی ورابردووی خۆیان ، یان پەنایان بۆخەون وخەیاڵ دەبرد .

رومانتیکەکان بە پێچەوانەی کلاسیکەکان جگە لە جوانی وچاکی ،باسی خراپی وکەم و کورتی کۆمەڵیشیان دەکرد ورەخنەیان دەگرت . تەنانەت هێندێکیان بیریان لە گۆڕان و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان دەکردەوە .چونکە ئەوان دژی بیروباوەڕ وداب ونەریتی وشک و کۆن بوون .بەڵام ئەم هەڵوێستە لەسەر کەف و کوڵی هەستی دەروون ڕۆنرابوو، تەنیا بە دەوری محوەری فەردا دەخولاوە ونەدەگەیشتە ئەوڕادەی کۆمەڵوشیار بکاتەوە ،رەخنەگرێکی بەناوبانگ لەوبارەوە دەڵێ :رێبازی رۆمانتیک نەیتوانی ناکۆکی کۆمەڵایەتی بەتەواوی بناسێ .تەنیا زۆری بە تاقە کەسانەدا هەڵگوت وبە بڵاوکردنەوەی دنیای دەروونی تاکەکەسی ،پێوەندی وانی لە دنیای بەرچاوی واقیعی هەڵبڕی .



رۆمانتیکەکان سەبک ورێبازی هونەرەکەیان بەپێچەوانەی کلاسیکەکان ئاڵۆز و قورس نەبوو کە خەڵک (عەوام) تێیان نەگەن . شیعر ونووسراوەکانیان سادە و ساکارولەسەرزمان خۆش بوو ،هەموو خەڵک وهەموو کەسێکی سەربە هەرتاقم وتوێژێکی کۆمەڵ تێیان دەگەیشتن . بەم شێوە خاسیەتێکی سەرەکی رێبازی رۆمانتیک

ئەمە بوو کە بناغەی دارێژراوی زمانی کلاسیکی تێک شکاند ورچەیەکی تازەی بڕی بۆپێک هێنانی وشە ورستەی باو .

شایانی باسە کەبۆتێگەیشتن لەمکارەی رۆمانتیکەکان دەتوانین سەرنج بدەینە شیعرەکانی مامۆستا گۆران .مامۆستاگۆرانی خۆشمان هەرلە سەرەتای ژیانی هونەری یەوە بە سەبکی رۆمانتیکەکان شیعری دەگوت .هەر لەژیر تەئسیری شاعیرە رۆمانتیکەکانی ئینگلیس‌دا وەک ( کیتس‌وشیلی و وردزورس ) بوو کە رێبازی رۆمانتیکی هێنایە ناوشیعری کوردی یەوە .(بڕوانە سەرجەمی دیوانی گۆران، کۆکردنەوەی محەممەدی مەلا کەریم ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ).


رۆمانتیکەکان لەباتی بیروباوەڕ ،هەست وسۆزوتاسەوئارەزوو لە نووسراوەکانیاندا دەردەبڕن .بۆیە شاعیری رۆمانتیک هیچ دوور، نیە لەگەڵ گوڵێک ،بولبولێک لەگەڵ شنەی با ، لەگەل چڵە گیایەکیش قسە بکا وسۆزی دڵی خۆی هەڵڕێژێ .

بەلای رۆمانتیکەکانەوە (جوانی) لەسەرووی هەموو حەقیقەتێکە .بۆنموونە (کیتس) کە رۆمانتیکێکی ئینگلیسی یە دەڵێ : (جوانی حەقیقەتە ... ئەمەیە کە تۆلەسەر زەویدا دەیزانی ودەبێ بیزانی . ئەو جوانی یەش ،لەواقیع وژیاندا دەست‌ناکەوێ . پێویستە لە دنیای خەیاڵدا لە شتی دووورە، دەست‌ونامۆوژێرپێ کراودا بۆی بگەڕێی .

ئەڵبەت‌رێبازی رۆمانتیک رێبازێکی زۆر تێکچڕژاو وبەربڵاوە بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەم چەند دێرەی کەپێش‌چاومان خست دەتوانین بەنیشانە سەرەکی یەکانی ئەو رێبازە دابنێین .

لەئەدەبی‌خۆشماندا ،لەمێژە ئەم رێبازە هونەری یە لەنیو شیعروچیرۆکی نووسەرەکانمانا بۆتەباو .رەخنەگرانی کورد ،مامۆستاگۆران بە دامەزرێنەری ئەم رێبازە لە شیعری کوردیدا دادەنێن .دوای ئەویش مامۆستا **ئەحمەدهەردی** (بڕوانەرازی تەنیایی)ولەشاعیرانی هاوچەرخ لەکوردستانی ئێران ،(سوارەی ئێلخانی زادە).

شایانی باسە کە هەندێ مەسەلە ودیاردەلە ئەدەبی کوردیماندا هەن کە تائێستا یەکلا



نەکراونەتەوە .بۆنموونە ئایا هەندێک لە شاعیرەکانمان با بڵێین (نالی) کلاسیکە یا رۆمانتیک ؟ چونکە نالی شێوە ورێبازوزمانی شیعرەکانی کلاسیکی یە کەچی‌نێوەرۆکی رۆمانتیکانەیە .یان شاعیرێکی وەک وەلی دێوانە کە ئەگەر مەسەلەی زمانی شیعری و سۆزوکوڵی شاعیرانەی تاکەکەسی بکەینە محەکی رۆمانتیک بوون یا رۆمانتیک نەبوونی شاعیر ،ئەواپێویستە بێ سێ ودوو ،وەلی دێوانە بە یەکەمین دامەزرێنەری رێبازی رۆمانتیک لە شیعری کوردیدا دابنرێ . بۆیە ئێمەی کورد ومیللەتانی رۆژهەڵات‌پێویست‌نیە ئەدەب‌وهونەری خۆمان لەهەموو بارێکەوە بە تەرازووی ئورووپا هەڵسەنگێنین .

شتێکی دیکەش هەیە کە دەبێ لێی ئاگادار بین ئەویش ئەوەیە کە وەکوو (ئێرنست‌فیشەر ) دەڵێ : رێبازی رۆمانتیک بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ رێبازی ریالیست‌دژی یەکتر نین بەڵکوو رۆمانتیک بە قۆناغێکی سەرەتایی دادەنرێ بۆ ریالیستی رەخنە گرانە .

